# له وه‌لامی پرسیاری (ده‌نگه‌كان)دا له‌سه‌ر ده‌ستوری هه‌رێمی كوردستان

به‌ختیار كه‌ریم
ئۆكسفۆرد-ئینگلترا

سه‌ره‌تا به‌ر له‌ وه‌لامدانه‌وه‌ی پرسیاره‌كان شیاوه‌ كه‌ سه‌رنجێك له‌و باروده‌خه‌ سیاسی و كۆمه‌لایه‌تیه‌ بده‌ین كه‌ نووسینی ده‌ستور وه‌ك پێداویستیه‌ك ده‌سه‌پێنێت. پاشان تێبینی ئه‌و ڕاستیه‌ بكه‌ین كه‌ نووسینی ده‌ستوری هه‌رێمی كوردستان له‌ ژێر سایه‌ و سێبه‌ری سه‌نگینی ده‌ستوری هه‌میشه‌یی عێراقدا ده‌نووسرێت، نه‌ك وه‌ك ده‌ستورێك كه‌ داڕێژه‌رانی جۆرێك له‌ ئازادی و ده‌ست ئاوه‌لاییان هه‌بێت له‌ نووسینیدا. به‌ واتایه‌كی دی كۆمه‌لێك سنووری سیاسی و یاسایی دیاریكراو هه‌یه‌ كه‌ داڕێژه‌رانی ده‌ستوری هه‌رێمی كوردستان ناتوانن بینه‌زێنن، ئه‌و سنور و به‌ربه‌ستانه‌ی كه‌ ده‌ستوری هه‌میشه‌یی عێراق سه‌پاندوونی ده‌بێت له‌ كاتی نووسینه‌وه‌ی ده‌ستوردا له‌به‌رچاو بگیرێن، ده‌نا ده‌ستوره‌كه‌ شه‌رعیه‌تی یاسایی خۆی له‌ده‌ست ده‌دات.

ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ سیاسی، یاسایی و كۆمه‌لایه‌تیه‌ی نووسینی ده‌ستور وه‌ك پێداویستیه‌ك ده‌سه‌پێنێت له‌ هه‌رێمی كوردستان جیاوازه‌ له‌گه‌ڵ هه‌لومه‌رجی هه‌ر ده‌وڵه‌تێكی دی كه‌ پرۆسه‌ی نووسینی ده‌ستور تێیدا به‌ڕێوه‌ ده‌چێت. به‌ر له‌ هه‌موو شتێك هه‌رێمی كوردستان ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆی خاوه‌ن سه‌روه‌ری سیاسی و یاسایی نیه‌ تا سیاسی، یاساناس و هاولاتیان به‌ هه‌مه‌ئاهه‌نگی ده‌ستور دابڕێژن، به‌ڵكو شوناسی هه‌رێمی كوردستان هه‌رێمێكی فیدراڵه‌ له‌ چوارچێوه‌ی ده‌وڵه‌تی عێراقدا. كه‌واته‌ ئه‌ هه‌لومه‌رجه‌ی نووسینی ده‌ستور ده‌خوازێت، هه‌لومه‌رجێكی ناوخۆیی ده‌وڵه‌تی عێراق و هه‌رێمی كوردستانه‌ وه‌ك به‌شێك له‌و ده‌وڵه‌ته‌. ئه‌مه‌ش ده‌رئه‌نجامی داگیركردنی ئه‌و ولاته‌ و گۆڕانی سیستمی حوكمه‌ تێیدا.

لیره‌وه‌ هه‌ڵه‌ین گه‌ر پێمان وابێت داڕشتنی ده‌ستوری هه‌رێمی كوردستان گرنگیه‌كی زۆری هه‌یه‌ بۆ دانیشتوانی هه‌رێمه‌كه‌. به‌ سانایی له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌م ده‌ستوره‌ له‌ باشترین حاڵه‌تدا ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ده‌ستوری هه‌میشه‌یی عێراقی ده‌بێت، كه‌ پێشتر له‌ نووسینێكی تردا پێمانوابوو كه‌ ده‌ستوری هه‌میشه‌یی عێراق ئه‌و كاغه‌زه‌ ناهێنێت كه‌ له‌سه‌ری نووسراوه‌[1]. لێره‌دا مه‌به‌ست ئه‌وه‌ نیه‌ كه‌ ده‌ستوری هه‌رێم ناتوانێت هیچ به‌ هاولاتیانی هه‌رێم ببه‌خشێت، به‌ڵكو مه‌به‌ست ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ گرنگترین بابه‌ته‌كانی ده‌ستوردا داڕێژه‌رانی ده‌ستور ده‌ست و پێیان به‌ستراوه‌. وه‌لێ له‌ هه‌ندێك لایه‌نی نێوه‌ندیدا (ناسه‌ره‌كیی) ده‌توانن هه‌نگاوێك دورتر له‌ ده‌ستوری عێراق بڕۆن. له‌ وه‌لامی پرسیاره‌كاندا هه‌وڵ ده‌ده‌ین درێژتر له‌سه‌ر ئه‌م پرسه‌ بدوێین. دوا ئاماژه‌ی پێویست لێره‌دا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئێمه‌ ناخوازین لیستی خۆزگه‌كانمان بنوسینه‌وه‌ ئه‌وه‌نده‌ی ده‌خوازین له‌ ده‌سه‌لاته‌كانی داڕێژه‌رانی ده‌ستور بدوێین و باسی باشترین ده‌ستور بكه‌ین كه‌ ده‌كرێت به‌رهه‌مبێت بۆ هه‌رێمی كوردستان، ده‌ڵێین ده‌كرێت چونكه‌ ئه‌م ده‌ستوره‌ له‌ژێر سایه‌ی ده‌ستوری پڕ له‌ دژواریی عێراقیدا ده‌نوسرێت.

---

[1] بڕوانه‌ http://www.dengekan.com/doc/2005/8/baxtyarKarim24.htm

## 1. شوناسی گەلی کوردستان / کوردستان هەرێمێکی کۆماری (جمهوری) فیدراڵی دیموکراتی فرەییە؟

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ بەشێکە لە کۆماری عێراقی فیدراڵ نەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ. لەبەر هێندێ ناکرێت قسە لەسەر هەرێی کۆماریی بکەین. پاشان زۆرێک لەو پرسانەی ئەم پرسیارە لەخۆی گرتوە لەلایەن دەستوری عێراقیەوە یەکلایی کراونەتەوە. ئەو دەستورە وەک بالآترین یاسای دەوڵەتی عێراق (هەرێمی کورستیانیش وەک بەشێکی) بڕیاری لە شوناسی دەوڵەتی عێراق داوە. مادەی یەک لە دەروازی یەکەم لە دەستورەکە دەڵێت: دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و سیستەمی حوکم تێیدا کۆمارییە، فیدراڵیی (ئیتیحادی)، دیموکراتیی پەرلەمانییە. کەواتە دەستوری هەرێمی کوردستان ناتوانێت و پێویستی نیە پرسی شوناسی هەرێم یەکلایی بکاتەوە چونکە ئەو دەستورە یاسای باڵای دەوڵەت نیە و پاشان دەستوری عێراق کە یاسای باڵای دەوڵەتە ئەو پرسەی وەڵام داوەتەوە.

دەکرێت دەستوری هەرێمی کوردستان باس لە شوناسی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق بکات، وەک هەرێمێکی دیموکراتی فرەیی و پەرلەمانیی بیناسێنێت، بەڵام لەوە بەدەر هیچی تری لە توانادا نیە. لە یادمان نەچێت دەسەڵاتەکانی هەرێم بەرلەوەی لە دەستوری هەرێمدا بنوسرێن، پێشوەخت لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دیاریکراون.

سەبارەت بە شوناسی گەلی کوردستان. سەرەتا خودی چەمکی گەلی کوردستان چەمکێکی قەیراناویە، وەک شوناسی دانیشتوانی هەموو ئەو هەرێمانەی کە دەکەونە چوارچێوەی دەوڵەتێکەوە و خۆیان دەوڵەت نین. لێرەدا ناخوازین بچیە سەر ئەو باسە قەیراناویەی گەل، نەتەوە، و دوڵەت و پێناسەکردنی ئەو چەمکانە. بەڵام لانیکەم لە دەستوری هەرێمدا دەکرێت چەمکی کورد و کوردستانی و جیاوازیان دیاریبکرێت، چونکە هەموو ئەوانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەژین کوردستانین بەڵام مەرج نیە کورد بن. لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەکرێت بڵێین هەر جۆرێک لە شوناس بە گەلی کوردستان بدرێت، جێگەی مشتومڕی تیۆری دەبێت، بەڵام ئەوەی ئەو شوناسە لە نکوڵی کردن دەپارێزێت دانپیانیەتی بە نەتەوە و گروپەکانی تردا کە کورد نین بەڵام هاوبەشی کوردن لە خاک، مێژوو و چارەنووسدا.

## 2. سنوری کوردستان بەڕۆشنیی لە دەستوردا دیاری بکرێت؟

دەکرێت بڵێین دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو بوارانەی کە دەستوری هەرێم دەتوانێت ڕەنگدانەوەی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام مەرج نیە ئەمە بەدیهێنی ئەو داخوازیانە بێت. سەرەتا دیاریکردنی سنوری هەرێم کردەیەکی سیاسیە زیاتر وەک لە کردەیەکی یاسایی، لە هەموو پرۆسەیەکی دیاریکردنی سنوردا دوو لایەن یان زیاتری پەیوەندیدار هەن، هاوکات

خودی باسکردنی دیاریکردنی سنور لە کاتێکدایە کە سنور ململانێ و کێشەی لەسەر بێت. یەکێک لەو هەڵانەی سەرکردایەتی حیزبەکان کردیان بە یاسایی کردنی ئەم پرسە سیاسیە بوو، کە دەکرا لە ساتەوەختی ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا لە ڕێگەی سیاسیەوە چارەسەر بکرایە. ئێستاش کە چارەسەر نەکراوە مانای قووڵ بوونەوەی ڕەهەندە سیاسیەکەیەتی کە پرۆسەی یاسایی بەتەنها ناتوانێت چارەسەری بکات. بەواتایەکی دی چارەسەری کێشەکانی سنور دەبێت لە پرۆسەیەکی سیاسی و یاساییدا چارەسەر بکرێن نەک یاسایی بەتەنها.

ئەوەی دەستوری عێراق لەسەر ئەم پرسە پێشکەشی کردوە پرۆسەیەکی زۆر دەستکورت و درێژخایەنە کە لەوانەیە دواجار بەو شێوەیە نەشکێتەوە کە کورد دەیخوازێت. بەڵام دەستوری کوردستان دەتوانێت لانیکەم لە ڕووی ڕیتۆریکەوە سنوری کوردستان بەو شێوەیە دیارییبکات کە مێژوو پاڵپشتیی دەکات، پاشان لە پرۆسەیەکی یاسایی و لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە هەوڵ بدرێت ئەو ناوچانەی ئێستا سەر بە هەرێم نین بگەڕێنەوە سەر هەرێم. ئەم پرۆسە یاساییە بۆ کەرکوک ئاسانترە هەتا ئەو ناوچانەی سەر بە پارێزگاکانی تری عێراق (وەک موسڵ و دیالە)ن، چونکە دەکرێت لە کەرکوک وەک پارێزگایەک ڕاپرسی لەسەر چارەنوسی پارێزگاکە بکرێت، بەڵام ناکرێت لە خانەقین ئەو کارە بکرێت. بەڵکو دەبێت لە پارێزگای دیالە بکرێت کە ئەنجامەکەی ئاشکرایە. هەر بۆیە گێرانەوەی سنوری پارێزگاکان بۆ دۆخی بەر لە پرۆسەی تەعریب وەک پرۆسەیەکی سیاسی چارەسەری ئەم کێشەیە دەکات نەک بەندێک لەم یان لەو دەستور.

## 3. ئایین و دەوڵەت / لێکجیاکردنەوەیان؟

ئەگەر لەسەر ئەو ڕاستیە کۆک بووین کە دارشتنی دەستوری یەکەیەکی سیاسی یان دەوڵەتێکی دیاریکراو بۆ مەبەستی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتە، ئەوا دەبێت بەها یان نۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگا کە کۆی ئاکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پێکدەهێنن لە کاتی نووسینی دەستوردا لەبەرچاو بگیرێن. لێرەدا پێویستە ئەو نۆرمانەی کە لە کۆمەڵگادا قورساییان هەیە و ئەگەر یاساش نەبن کاریگەری یاسایان هەیە لەو یاساو پرینسیپانە جیابکەینەوە کە لە دەستوردا دەنووسرێن. لە خوێندنی دەستوریدا بە جۆری یەکەم دەگووترێت مێتادەستور و بەجۆری دووەمیش دەگووترێت دەستور. مێتادەستور ئەو نۆرم و پرینسیپە کۆمەڵایەتیانەن کە لە کۆمەڵگادا ڕێکەوتنیان لەسەرە هەر ئەم نۆرمانەشن کە سیمبوڵە سەرەکیەکانی خودی دەستور دیاریدەکەن. دەستوریش خودی ئەو سیمبوڵانەیە کە لەسەر بنەمای یان لەژێر ڕۆشنایی نۆرمەکانی مێتادەستوردا دادەڕێژرێن بێگومان شان بە شان لەگەڵ چەندین سیمبوڵ و یاسا و پرینسیپی تردا کە داڕێژەرانی دەستور دەخوازن بیانکەنە بەشێک لە نۆرمە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا واتە بەشێک لە مێتادەستور. بۆ نمونە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆتە نورمێکی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە ڕۆژانێک مافی مرۆڤیان پێشێڵ دەکرد، لێرەوە دەکرێت شان بە

شانی ڕێزگرتن لەو نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئایینیانەی کە ڕێککەوتنی بەرچاویان لەسەرە نۆرمی نوێ کە ڕێککەوتنی جیهانیان لەسەرە بخرێنە نێو دەستورەوە.
خوێنەر دەمانبەخشێت لەو سەرەتا درێژە بەڵام گرنگە، هاوکاتیش دەکرێت ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ببینەوە کەواتە چۆن دەکرێت ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە؟ بێگومان سەرەتا دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان شوناسی ئایینیی دەوڵەت لەگەڵ جودایی ئایین لە دەوڵەت، دەکرێت ئیسلام شوناسی ئایینیی هەرێمی کوردستان بێت بەو پێیەی کە زۆرینەی دانیشتوان موسوڵمانن، هاوکاتیش ئایین سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان نەبێت. کەواتە جودایی ئایین لە دەوڵەت مانای پێشێلکردنی شوناسی ئایینیی زۆرینە نیە، بەڵکو زامنکردنی دەستێوەرنەدانی پیاوانی ئایینە لە کاروباری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا.
کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا دەستوری عێراق سەروەرە و دەستوری هەرێمی کوردستان نابێت ناکۆک بێت لەگەڵیدا. وەک دەزانین لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا ئیسلام وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان ناسێنراوە، لێرەوە دەستوری هەرێم ناچارە قورساییەک بە ئیسلام بدات. دەکرێت بپرسین ئایا دارێژەرانی دەستور دەتوانن ئەوەندە دیموکراتخوازبن وەک بانگەشەی بۆ دەکەن و ئیسلام تەنها وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان بناسێنن نەک وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی؟

## 4. لەبارەی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی؟

بەرلەهەموو شتێک دەبێت بزانین مەبەست لە بنەماکانی دیموکراتی چیە. دەشێت مەبەست لە دانانی بەندی یاسایی تایبەت بێت بە: هەڵبژاردن، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سەربەخۆیی دادوەری، زامنکردنی مافەکانی تاک، جڵەوگیرکردنی زۆرینە (ئەمە باشترە لە بەخشینی کۆمەڵێک مافی کەلتوری بە کەمینەکان)، دیاریکردنی ئەرک و تواناکانی دامەزراوە حکومیەکان و هتد... ئەم لیستە دەکرێت درێژتر بێت بەڵام لێرەدا تەنها چەند بنەمایەکی گرنگمان ئاماژەپێدا.
پاشان جۆرێکە لە خۆشخەیاڵی و شێوەیەکە لە گومڕایی و نائاگایی ئەگەر پێمان وابێت کە دەستور وەک دەقێکی یاسایی دەتوانێت بنەماکانی دیموکراسی بچەسپێنێت. ئەوەی لە دەستوردا دەنوسرێت وەک مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە ئەگەر پەرلەمانتاران و دادوەران وەک پاسەوانی پرنسیپەکانی دەستور کار بۆ چەسپاندنی ئەو بنەمایانە نەکەن. کەلتوری ئێمە تا ئەم ساتەوەختەش کەلتورێک نیە کە سەروەری بە یاسا بدات، ئەگەر کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیر ئەڵێن ئەمە وانیە، ئەی بۆچی ئێمە نابینین سەرکردەیەکی دز لە ژێر فشاری جەماوەردا دادگایی بکرێت یان لانیکەم لە پەرلەماندا پرسیار لە سەروەتە زەوەندەکەی بکرێت؟ ئەگەر گریمان لە ئێستادا دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کوردستان سەروەرە، ئایا خواستی جێبەجێ کردنی هەیە؟ ئایا ئەو دامەزراوانەی زامنی بەرزڕاگرتنی بەندە یاساییەکانی دەکەن لە ژێر دەستی حیزبدان یان حکومەتێکی هەڵبژێردراو؟ لەبەرئەوە تا ئەو ساتەوەختەی دادوەری دادگاکان وەلائی سەرەکیان بۆ سەرکردە و حیزبەکانیان بێت، هیچ یەک لەو مافانەی دەستور بە هاوڵاتیانی دەدات لە پێشێلکردن ناپارێزرێن.
دواجار ئەوەی سەربەخۆیی دادگا و دادوەران زامن دەکات خودی دادوەران خۆیانن نەک حیزب و سەرکردەکان کە شتێکی ئەوتۆ لە یاسا نازانن. بۆ زامنکردنی دیموکراسی دادوەران دەبێت لە

ململانێیەکی بەردەوامدا بن لەگەڵ جێبەجێکارانی دەسەڵات، پاشان ئەم کەلتوری بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەیە ڕۆدەچێتە نێو ئەندامانی تری کۆمەڵگاوە.
ئەگەر سەرنجێک لە چاکسازیە دەستوریەکانی تورکیا بدەین تێدەگەین لەوەی کە دەستور بەتەنها ناتوانێت زامنی مافی هاوڵاتیان بکات و بیانپارێزێت، بەڵکو کەلتوری توندوتیژی نێو پۆلیس و ئاسایش پێویستی بە گۆڕانکاری بە ئەندازەیەک بنەڕەتیی و قووڵ هەیە کە بتوانێت لەگەڵ گۆڕانە یاساییەکاندا تەبا بێتەوە.
لێرەوە باشترە بنەماکانی دیموکراتی لە دەستوردا دیاریبکرێن، هاوکات ڕێوشوێن بۆ پاراستن و ڕێگرتن لە پێشێلکردنیان دابنرێت. لەم سەردەمەدا باس کردن لەسەر دیموکراسی بەبێ باسکردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ باسێکی کەموکورت دەبێت، بۆیە دیارکردنی مافەکانی هاوڵاتیان لە ڕەچەتەیەکی سەبەخۆدا لە نێو دەستورەکەدا هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ ئایندەی دیموکراسی.

## 5. پێکهاتەی کوردستان/ کورد و نەتەوەی دیکەی وەک تورکمان، ئاشوری، کلدانی هتد...؟

ئومیدەوارین ئەزمونی تاڵی مێژووی کورد وەک کەمینە فێری ئەوەی کردبین کە ڕێز لە کەمینەکانی نێو خۆمان بگرین. ئەو کەمە نەتەوانەی لە کوردستان هاوژینی کوردن، نەک بەتەنها پێویستە مافەکانیان لە دەستوردا دیاری بکرێت بەڵکو پێویستە دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت و هان بدرێن بۆ بەشداری چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیدا لە هەرێمی کوردستان. یەکێک لەو ڕۆڵە گرنگانەی کەمینە لە وڵاتانی دیموکراتدا دەیبینێت پاسەوانیی کردنی دیموکراتیە، ئەمە و کەمینەکانی کوردستان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت لە مەسەلە گرنگەکانی وەک کەرکوک و ناوچەکانی تردا ئەگەر سەرانی حیزبەکان بتوانن مامەڵەی دروستیان لەتەکدا بکەن. ئەگەر بڕیارە کورد لە ئایندەدا دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت و مانەوەی ئێستا لە چوارچێوەی عێراقدا وەک سەرکردەی حیزبەکان پێماندەڵێن تەنها کاتییە، ئەوا زۆر گرنگە ئەو ناشیونالیزمەی ئەم قۆناغی گواستنەوەیە بەرهەمی دەهێنێت ناشیونالیزمێکی مەدەنی بێت نەک خێڵەکی. لە ناشیونالیزمی مەدەنی بە کورتی مەبەست لە ناشیونالیزمێکە کە نەتەوە لەسەر بنەما باوەکانی وەک زمان، کەلتور، بنەچە (race) یان مێژوو بنیات نانێت، بەڵکو لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون و پێکەوە ژیان.
هەرچی سەبارەت بە مافی ئەو کەمە نەتەوانەیە لە دەستوردا ئەوا دەبێت باس لە جیاوازی نەتەوەیی، ئاینیی یان هەر جۆرە جیاوازیەکی تری ئەوان لەگەڵ کورددا بکرێت. پاشان وەک چۆن هەندێک داوا دەکەن ڕێژەیەک بۆ ئەندامانی ژن لە پەرلەماندا دیاریبکرێت، پێویستە هەمان شت لە پەیوەندی لەگەڵ کەمە نەتەوەکانی کوردستاندا بکرێت. ئیمە ئەگەر وانەیەک لە مێژوو فێربووبین دەبێت ئەوە بێت کە: نکوڵی کردن لە شوناسی نەتەوەیەک نەک هەر ئەو شوناسە ناسڕێتەوە بەڵکو بنەماکانی پتەوتر دەکات.

## 6. یاسای ژماره (90) ئیسلاحی زراعی؟

بەر لەهەموو شتێک دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئاگاهیمان لەسەر یاسای ژمارە 90 زۆر کەمە، یان وەک پێویست نیە، چونکە یاساکەمان لەبەردەستدا نیە دەبێت پشت بە یادەوەری ببەستین کە ئەمەش کارێکی باش نیە. ئەم یاسایە هەوڵێک بوو بۆ وەرگرتنەوەی زەوی لە دەرەبەگ و دابەشکردنیان بەسەر جوتیاراندا، (لێرەدا لە لایەنە سیاسی و مێژووییەکانی ئەم یاسەیە دەگەڕێین و ئەو هەلومەرجە پشتگوێ دەخەین کە بەرهەمهێنەری بوو).

سەرەتا پێویستە سەرنجێک لە زەمینداری (موڵکداری) بدەین لە کوردستاندا و تێبگەین لەوەی کە زەمینداری چیتر دیاردەیەک نیە تایبەت بە گووندی کوردی و کێشەی زەوی لەنێوان ئاغا و جوتیاردا، بەڵکو ئەمڕۆ جۆرێکی نوێ لە زەمینداری و دەرەبەگایەتی لە شارەکاندا گەڵاڵەبووە جیاواز لەوەی لە گووند هەبوو یان هەیە. ئەمڕۆ ژمارەیەک دەوڵەمەندی ناشەرعی، قاچاخچی و کادیری حیزبیی خاوەنی زۆربەی زەویەکانی کوردستانن و پێگەی کۆمەڵایەتی و ستایلی ژیان کردنیان لە تەواوی خەڵکی کوردستان جیاوازە. با بپرسین ئایا دەکرێت یاسایەکی وەک یاسای ژمارە 90 چارەسەری ئەم کێشە نویە بکات؟ ئایا یاسای ژمارە 90 یاسایەکی کۆن و بێکەڵک و لە ڕۆژبەدەر نیە؟

بێگومان بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق و شێوازی بەڕێوەبردن لە کوردستاندا سیستەمی ئابوری عێراق و کوردستان لەسەر بنەمای (بازاڕی ئازاد) دەبێت، ئەمەش شوێنپێ هەڵگرتنی سیستەمی لیبراڵی خۆرئاواییە. موڵکداری تایبەت لەناوجەرگەی هەر سیستەمێکی لیبراڵی و سەرمایەداریدایە کە بڕوای بە بازاڕی ئازاد هەبێت، ئەگەر مۆدێلی ئابوری عێراق بڕوای بە موڵکداری تایبەت هەبێت ئەوا یاسایەکی وەک ژمارە نەوەد چیتر کاری پێناکرێت. بەڵام دەکرێت لە چوارچێوەی دادپەروەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەو لاسەنگی و ناهاوسەنگیانەی موڵکداریی و بازاڕی ئازاد بەهەمیان دەهێنێن چارەسەر بکرێن. ئەرکی دەستوری کوردستان لەم ڕووەوە زۆر گرانە چونکە ئەو دەسەڵاتەی لە پشت دارشتنی دەستورەوەیە لە بنەڕەتدا بڕوای بە موڵکداری تایبەت هەیە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هەموو بەرپرسەکانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار هاوکات سیاسەتکار و سەرمایەدارن. لەبەرئەوە کاڵفامییە ئەگەر چاوەڕوانی بەدیهێنانی هەر جۆرێک لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چارەسەری کێشەی زەمینداری لەم دەستورە بکەین.

## کۆتایی

لە پاش هەوڵدانێک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە دەکرێت زۆرتریان لەسەر بوترێت، پێویستە ئاماژە بۆ دوو خاڵی بنەڕەتی بکەین کە ئەم وەڵامانە دەخوازن بیانوروژێنن. یەکەم؛ چاوەڕوانی زۆر

له دەستوری هەرێمی کوردستان تووشی نائومێدیەکی بێ بنەمامان دەکات، لێرە و لەوێ دەبێنرێت هەندێک نووسەر پێشنیاری باسکردنی مافی چارەنووس دەکەن لە دەستوری هەرێمدا، تا ئەو جێگەیەی ئێمە لە یاسا ئاگاداربین، ئەمە ناکۆکیەک لەگەڵ دەستوری عێراقدا دروست دەکات و پاشان دەستورەکە تووشی قەیرانی شەرعیەتی یاسایی دەبێت. دووەم؛ وێڕای گرنگی دیاریکردنی مافەکانی تاک، ژنان، و هتد... لە دەستوردا، ئەم دیاریکردنە بەبێ بنیاتنانی دامەزراوەی تایبەت بە پاراستنیان گرنگیەکی ئەوتۆیان نابێت. ئەوەی مافی هاوڵاتیان دەپارێزێت دادگای سەربەخۆ و پۆلیس و ئاسایشی جڵەوگیرکراوە، نەک خودی دەستور. لە کۆتاییدا ئەو دۆخە قەیراناویەی کوردستان و هەژموونی نارەوای حیزب ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی تەنانەت پاش نووسینی دەستورێکی باشیش ململانێی حیزب لەگەڵ یەکدا و لەگەڵ جەماوەردا کۆتایی نایەت. دەبێت هاوڵاتیان وەک لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا باوە متمانەی تەواوی خۆیان نەدەن بە حیزبی دەسەڵاتدار، بەڵکو هەمیشە بە چاوی گومان و ڕۆحیەتی لێپرسینەوەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، ئاخر بێرتراند ڕەسڵ واتەنی دەسەڵات مرۆڤ تووشی گەندەڵیی دەکات و دەسەڵاتی ڕەهاش تووشی گەندەڵیی ڕەهای دەکات.